# فیقهی ئاسان: پەرتووکی نوێژ: دەروازەی نۆیەم: لە بارەی نوێژی کەسانی خاوەن عوزرەوە

# الفقه الميسر: كتاب الصلاة: الباب التاسع: في صلاة أهل الأعذار

< kurdish - كردي - کوردی >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# نوێژی کەسانی خاوەن عوزر

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتەکانی نوێژ، دێینە خزمەت ئێوەی بەڕێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوای لە بارەی نوێژی خاوەن عوزرەکانەوە، ئەم ووتارەتان پێشکەش دەکەین، کە باس لە نوێژی نەخۆش و نوێژی کەسانی موسافیر دەکات، لە چوار چێوەی نوێژی موسافیریشدا باس لە دوو بابەت کراوە، کورتکردنەوەی نوێژە چوار ڕکاتیەکان، وکۆکردنەوەی دوو نوێژپێکەوە، لە ژێر بابەتی کورتکردنەوەی نوێژ چوار ڕکاتیەکانیش پێنج بابەت باسکراوە: بابەتی یەکەم: حوکمی نوێژ کورت کردنەوە، بابەتی دووەم: دیاریکردنی ئەو نوێژانەی کە دروستە کورت بکرێنەوە، بابەتی سێهەم: ئەو ماوەیەی کە نوێژی تێدا کورت دەکرێتەوە لەگەڵ جۆرەکەی، بابەتی چوارەم: ئایا ئەو کەسەی کە نیەتی نیشتەجێ بوونی هێنا دروستە نوێژ کورت بکاتەوە؟، بابەتی پێنجەم: ئەو حاڵەتانەی کە واجبە موسافیر نوێژیان بە تەواوی وبێ کورت کردنەوە تێدا ئەنجام بدات، پاشان لەچوارە چێوەی بابەتی کۆکردنەوەی دوو نوێژپێکەوە، دوو بابەتی باسکراوە: بابەتی یەکەم: مەشروعیەتی کۆکردنەوەی دوو نوێژ پێکەوە، وە ئەو کەسانەش کە ئەمەیان بۆ درسوتە، بابەتی دووەم: سنوری ئەو کۆکردنەوەیەی کە ڕێگای پێدراوە.

خاوەن عوزرەکان: بریتین لە کەسانی نەخۆش و موسافیرەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەترسێن، ئەوانەی کە ناتوانن نوێژەکانیان وەك ئەو کەسانەی کە عوزریان نیە ئەنجام بدەن، بۆیە خوای گەورە و پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئەنجام دانی نوێژەکانیان لەسەر سووك کردون، بەو شێوەیە ئەنجامی دەدەن کە لە توانایاندا هەیە، خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴾ [1]، واتا: لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هیچ کارێکی قورس و گرانی لەسەر دانەناون، هەروەها فەرموویەتی: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ [2]، واتا: خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەر هیچ

(1) سورەتی الحج: ئايەتی: 78.

(2) سورەتی البقرة: ئايەتی: 286.

کەسێک مەگەر بە قەدەر توانایی خۆی نەبێت، لە جێگایەکی تریشدا فەرموویەتی: ﴿ فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ [1]، واتا: چەندێك دەتوانن لەخوای گەورە بترسن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن.

جا هەرکاتێك نارەحەتی و گرانی بینرا وهەستی پێکرا ئەوا ئاسانکاریش دەبینرێت.

أ-چۆنەیتی نوێژ نەخۆش :

نەخۆش : ئەو کەسەیە کە تەندروستی جەستە ولاشەی تێکچووە، جا بە گشتی تەندروستی تێکچوو بێت یان بە بەشێکی بێت، هەر بەنەخۆش دادەنرێت.

نەخۆش هەتا بۆی دەکرێت دەبێت نوێژە فەرزەکانی بە پێوە ئەنجام بدات، تەنانەت ئەگەر نەیتوانی تەواو پشتی ڕاست بکاتەوە، بەڵام توانی بە پشت چەماویی وەك ئەوەی لە کڕنوشدایە بیکات دەبێت بەو شێوەیە بیکات، یان ئەگەر توانی پاڵ بدات بە دیوارێکەوە یان خۆی بدات بەسەر گۆچانێکدا دەبێت تا دەتوانێت بە پێوە نوێژەکەی ئەنجام بدات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إذا أمرتكم بأمر فأتوا به ما استطعتم } [2]، واتا: ئەگەر فەرمانم بە هەر شتێك پێکردن ئەوا بە پێی توانا ئەنجامی بدەن، ئەگەر نەیتوانی بە پێوە ئەنجامی بدات ئەوا بە دانیشتانەوە بیکات، وەگەر نا لەسەر لا ئەنجامی بدات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە عیمرانی کوڕی حوصەینی فەرموو : { صل قائما، فإن لم تستطع فقاعدا، فإن لم تستطع فعلى جنب } [3]، واتا: بەپێوە نوێژ بکە، ئەگەر نەتوانی ئەوا بە دانیشتانەوە بیکە، خۆ ئەگەر هەر نەتوانی ئەوا لەسەر لا ئەنجامی بدە .

خۆ ئەگەر بەو شێوەیەش نەیتوانی ئەوا بەو حاڵەتەوە کە بۆی دەکرێت و دەتوانێت بیکات، چونکە وەك ووتمان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾[4]، واتا: چەندێك دەتوانن لەخوای گەورە بترسن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن.

نوێژ لەسەر کەسی نەخۆش هەڵناگیرێت مادام ژیری و عەقڵی جێگیر بێت، تەنانەت ئەگەر بە ئاماژە وئیشارەتیش بێت دەبێت هەر بیکات، چونکە دەتوانێت ئەو کارە بکات لەگەڵ یەکانگیر بوونی دڵی.

(1) سورەتی التغابن: ئایەتی: 16.

(2) بوخاری وموسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (7288) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1337) ڕیوایەتیان کردووە .

(3) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1117) ڕیوایەتی کردووە .

(4) سورەتی التغابن: ئایەتی: 16.

کەسی نەخۆش کاتێك بە ئاماژە نوێژ دەکات وبە دانیشتانەوەیە و ناواتنێت کڕنوش و سوژدە ببات وسەر بخاتە سەر زەوی، ئەوا بە سەری ئاماژەیان بۆ دەکات، بەشێوەیەك کاتی سوژدە بردن سەری کەمێك زیاتر نزم بکاتەوە، خۆ ئەگەر نەیتوانی بەسەریشی ئاماژە بکات، ئەوا با بەچاوەکانی ئاماژە بە کڕنوش وسوژدە بردن بکات .

ب- نوێژی موسافیر، کە پێك هاتووە لە :

یەکەم: کورتکردنەوەی نوێژ چوار ڕکاتیەکان، کە چەند بابەتێکی لەخۆ گرتووە:

بابەتی یەکەم: حوکمی کورتکردنەوەی نوێژ:

هیچ جیاوازیەك لە نێوان زانایاندا نیە لەسەر مەشروعیەتی کورتکردنەوەی نوێژە چوار ڕکاتیەکان، بەڵگەش لەسەر ئەمە، قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و کۆدەنگی زانایانە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلاةِ إِنْ خِفْتُمْ أَنْ يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنَّ الْكَافِرِينَ كَانُوا لَكُمْ عَدُوًّا مُبِينًا ﴾ [(1)]، واتا: هەر کاتێك سەفەرتان کرد (و گەڕان) بەزەوی دا ئەوە هیچ گوناهێکتان لەسەر نیە کە هەندێ لە نوێژەکان کورت بکەنەوە، ئەگەر ترسان ئەوانەی بێ باوەڕن جەنگتان لەگەڵ بکەن، بە ڕاستی بێ باوەڕان هەمیشە بۆ ئێوە دوژمنێکی ڕوون و ئاشکران .

کورتکردنەوەی نوێژ لە سەفەردا لە حاڵەتی ترس و غەیری ترسیش دروستە و هیچ گرفتێکی تێدا نیە، پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەبارەی کروتکردنەوەی نوێژ کاتێك خەڵکی دڵنیا بوونەوە وترسیان نەما، ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: { صدقة تصدق الله بها عليكم، فاقبلوا صدقته } [(2)]، واتا: ئەوە خێرێکە خوای گەورە پێی کردوون، ئێوەش خێرەکەی خوای گەورە وەربگرن .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و خەلیفەکانیشی بەردەوام بوون لەسەری و ئەنجامیان داوە، عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەڵێت: { إني صحبت رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) في السفر فلم يزد على ركعتين حتى قبضه الله, وصحبت أبا بكر فلم يزد على ركعتين حتى قبضه الله ... } [(3)]، واتا: لە سەفەردا هاوەڵی پێغەمبەری خوا ( صلى

(1) سورەتی النساء: ئایەتی: 101.
(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (686) ڕیوایەتی کردووە .
(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (689) ڕیوایەتی کردووە .

الله عليه وسلم ) بووم لە دوو ڕکات زیاتری نەدەکرد تا  ئەو ڕۆژەی خوای گەورە گیانی کێشا، وە لەگەڵ ئەبوبەکردا هاوەڵی سەفەری بووم لە دوو ڕکات زیاتری نەدەکرد تا  ئەو ڕۆژەی خوای گەورە گیانی کێشا ...

پاشان باسی هەریەك لە عومەر و عوسمانیشی کرد کە ئەوانیش لە سەفەردا نوێژە چوار ڕکاتیەکانیان کوورت دەکردەوە بۆ دوو ڕکاتی، ئیمامی ئەحمەد بە مەرفوعی لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { إن الله يحب أن تؤتى رخصه، كما يكره أن تؤتى معصيته } [1]،واتا: بێگومان خوای گەورە پێی خۆشە کە بەندەکانی ئاسانکاری و ڕوخصەتەکانی جێ بەجێ بکەن، هەروەك چۆن پێی ناخۆشە تاوان وسەرپێچی بکەن .

سەبارەت بە کۆدەنگی زانایانیش لە بارەی کورتکردنەوەی نوێژە چوار ڕکاتیەکانەوە: لەو شتانەیە کە زانین وشارەزا بوون لێی لە پێویستیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، وە ئومەتی ئیسلامیش هەموو کۆدەنگن لەسەری، جا بۆیە: پارێزگاری کردن لەم سوننەتە و دەست گرتن بەم ئاسانکاری و ڕوخصەتەوە زۆر باشترە وخاسترە لە تەرك کردنی و ئەنجام نەدانی، بەڵکو هەندێك لە زانایان بەلایانەوە مەکروهە کە لە سەفەردا نوێژەکان بە چوار ڕکاتی ئەنجام بدرێن، لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وهاوەڵانی زۆر بەردەوام بوون لەسەری و وازیان لێ نەهێناوە .

بابەتی دووەم: دیاریکردنی ئەو نوێژانەی کە دروستە کورت بکرێنەوە:

ئەو نوێژانەی کە دروستە کورت بکرێنەوە، نوێژە چوار ڕکاتیەکانە، ئەوانیش نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەسر وخەوتنانە، چونکە نوێژی بەیانی و شێوان کورت ناکرێنەوە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و هاوەڵانی بەو شێوەیەیان کردووە، هەروەها عبەدوڵلای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ووتویەتی: { فرض الله الصلاة على لسان نبيكم في الحضر أربعا، وفي السفر ركعتين ... } [2]، واتا: خوای گەورە لەسەر زاری پێغەمبەرەکەتانەوە نوێژی لەکاتی نیشتەجێ بووونتاندا بە  چوار ڕکاتی لەسەر فەرز کردوون، وە لەسەفەریشدا بە ددوو ڕکاتی لەسەری فەرز کردوون .

جا ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەبەست لە کورتکردنەوە، کورتکردنەوەی نوێژە چوار ڕکاتیەکانە، نەك ئەوانی تر .

بابەتی سێیەم: ئەو ماوەیەی کە نوێژی تێدا کورت دەکرێتەوە لەگەڵ جۆرەکەی:

ئەو ماوەیەی کە نوێژی تێدا کورت دەکرێتەوە نزیکەی شازدە فەرسەخە، کە دەکاتە چوار بورد، وە بە میلیش دەکاتە چل وهەشت میل، کە نزیکەی هەشتا کیلۆمەتر دەکات، بە ڕۆژیش دەکاتە دوو ڕۆژە ڕێ بە ڕۆشتنی مامناوەند کە کەسێك بە پێی

(1) ئەحمەد بە فەرموودەی ژمارە (5832) ڕیوایەتی کردووە، وە شیخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی : الإرواء فەرموودەی ژمارە (564).

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (687) ڕیوایەتی کردووە .

وولاخێك بڕوات كه بارێكی قورسی لێنرابێت، وه پێغهمبهری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) به ڕۆشتنی شهو ورۆژێكی ووتوه سهفهر [1]، وه عهبدوڵلای كوڕی عهباس و عهبدوڵلای كوڕی عومهر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) له سهفهرێكی ماوه چوار بوردیدا نوێژیان كورت كردوهتهوه و ڕۆژوویشیان نهگرتووه، كه دهكاته شازده فهرسهخ ( ههشتا كیلۆمهتر ) .

جۆری ئهو سهفهرهش دهبێت سهفهرێكی موباح وشهرعی بێت، وهك سهفهركردن بۆ بازرگانی وكات بهسهربردن، یان سهفهرێكی واجب بێت، وهك سهفهری حهج وتێكۆشان له پێناو خوای گهوره، یان سهفهری سوننهت، وهك سهفهری سهردانی كردنی دۆست وخزمان، یان سهفهركردن بۆ حهجی دووهم، بۆیه لهسهر ڕای زۆربهی زانایان سهفهری حهرام دروست نیه مرۆڤ نوێژی تێدا كورت بكاتهوه .

## بابهتی چوارهم: ئایا ئهو كهسهی كه نیهتی نیشتهجێ بوونی هێنا دروسته نوێژ كورت بكاتهوه؟

ئهو كهسهی كه نیهتی نیشتهجێ بوون دههێنێت، پێویستی به ڕوون كردنهوه وباسی زیاتر ههیه، ئهویش بهمشێوهیه: ئهگهر هاتوو بهڕهوای نیهتی نێشتهجێ بوونی هێنا ئهوا نابێت نوێژ كورت بكاتهوه، چونكه ئهو هۆكارهی كه دهبێته مایهی نوێژ كورت كردنهوه لهههقی ئهو كهسهدا بوونی نیه، ههروهها ئهگهر هاتوو نیهتی زیاتر له چوار ڕۆژ نیشتهجێ بوونی هێنا، یان بۆ جێ بهجێ كردنی پێویستیهك نیشتهجێ بوو وه واگومانی برد كه دوای چوار ڕۆژ پێویستیهكهی جێ بهجێ دهبێت، چونكه پێغهمبهری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له حهجی ماڵئاواییدا له شاری مهككه مایهوه، بیست ویهك نوێژی تێدا كورت كردهوه، چونكه ئهو بهرهبهیانی ڕۆژی چواری ذي الحجة گهیشته مهككه، تا ڕۆژی تهرویه ( ههشتی مانگی ذي الحجة ) لهوێ مایهوه، نوێژی بهیانی كرد وپاشان له مهككه دهرچوو .

جا ههركهسێك چوار ڕۆژ یان كهمتر مایهوه، وهك مانهوهكهی پێغهمبهری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له شاری مهككه، ئهوا نوێژهكانی كورت دهكاتهوه، وه ئهگهر لهوه زیاتر بوو، ئهوا نوێژهكانی بێ كورت كردنهوه و به تهواوی ئهنجام دهدات، ئیمام ئهحمهدیش بهم شێوهیهی باسكردووه [2]، ئهنهسی كوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) دهڵێت: { أقمنا بمكة عشرا نقصر الصلاة }، واتا: ده ڕۆژ له شاری مهككه ماینهوه لهو ماوهیهدا نوێژهكانمان كورت دهكردهوه، مهبهست لهمهیش ئهوهیه كه

(1) لهو فهرموودهیهی كه پێغهمبهری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فهرموویهتی: ( لا یحل لامرأة أن تؤمن بالله والیوم الآخر أن تسافر مسیرة یوم ولیلة لیس معها حرمة )، واتا: دروست نیه بۆ ئهو ئافرهتهی كه باوهڕی بهخوا وبهڕۆژی دوایی ههبێت، كه ماوهی شهو وڕۆژێك سهفهر بكات بهبێ مهحرهم، بوخاری به فهرموودهی ژماره (1088) وه موسلیم به فهرموودهی ژماره (1339) ڕیوایهتیان كردووه، لهفزهكهش لهفزی بوخاریه.

(2) تهماشای پهرتووكی ( المغني ) بكه (2/134-135)، وه تهماشای پهرتووكی : ( مجموع فتاوى الشیخ ابن باز، فتاوى الصلاة ) لاپهڕه 458 بكه .

پێشووتر باسمان کرد، چونکە مەبەست لەو دە ڕۆژە بە چوونیان بۆ مینا و عەرەفە و ڕۆژانی دواتری دە ڕۆژی مانگی ذي الحجەیە .

کەسی موسافیر ئەگەر هاتوو لەبەر جێ بەجێ کردنی پێویستیەکی مایەوە بەبێ ئەوەی نیەتی نیشتەجێ بوونی هەبێت، وە نەیزانی چی کاتێك پێویستیەکەی جێ بەجێ دەبێت، ئەوا دەتوانێت زیاتر لە چوار ڕۆژیش نوێژەکانی کورت بکاتەوە، یان کەسێك بە زوڵم وستەم زیندانی کرا، یان بەهۆی بارانەوە ڕێگای لێگرا ئەوا دەتوانێت نوێژەکانی کورت بکاتەوە ئەگەر چەند ساڵێکیش بخایەنێت، ابن المنذریش لەم بارەیەوە ووتویەتی: زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کەسی موسافیر نوێژەکانی کورت دەکاتەوە ئەگەر هاتوو نیەتی نیشتەجێ بوونی نەهێنا بێت .

بابەتی پێنجەم: ئەو حاڵەتانەی کە واجبە موسافیر نوێژیان بە تەواوی وبێ کورت کردنەوە تێدا ئەنجام بدات:

چەند شێوە و چەند حاڵەتێك هەیە کە جیاکراونەتەوە لە دروست بوونی کورتکردنەوەی نوێژ لەسەفەردا، ئەوانیش، وەك:

1- ئەگەر هاتوو کەسێکی موسافیر لە پشت کەسێکی نیشتەجێوە نوێژی کرد، لەم حاڵەتەدا واجبە ئەو کەسە موسافیرە نوێژەکەی بە تەواوی بێ کورتکردنەوە ئەنجام بدات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { إنما جعل الإمام ليؤتم به }[1]، واتا: ئیمام بۆ ئەوە دانراوە کە شوێنی بکەوێت، هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) کاتێك پرسیاری لێکرا لەبارەی نوێژ تەواو کردنی موسافیرەوە لەدوای کەسێکی نیشتەجێوە، ووتی: ئەوە سوننەتی ئەبا القاسمە (صلى الله عليه وسلم ) [2].

2- ئەگەر هاتوو کەسی موسافیر لەدوای ئیمامێکەوە نوێژی کرد نەیدەزانی ئایا ئیمامەکە موسافیرە یان نیشتەجێیە: ئەگەر هاتوو کەسێك چووە ناو نوێژێکەوە لەدوای ئیمامێکەوە، بەڵام نەیدەزانی ئەو ئیمامە موسافیرە یان نیشتەجێیە، وەك ئەوەی کەسێك لە فڕۆکەخانە وهاوشێوەی فڕۆکەخانە نوێژی کرد، ئەوا واجبە لەسەری نوێژەکەی بێ کورت کردنەوە بە تەواوی ئەنجام بدات، چونکە نوێژ کورت کردنەوە پێویستی بە نیەتی جازم ویەکلاکەرەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ گومان ودوو دڵیدا دەبێت نوێژ بە تەواوی و بێ کورت کردنەوە ئەنجام بدرێت.

3- ئەگەر هاتوو لە سەفەردا نوێژێکی فەوتاوی کاتی نیشتەجێ بوونی بیرکەوتەوە: وەك ئەوەی کەسێکی موسافیر لەکاتی سەفەرەکەیدا بیری کەوتەوە کە لەشارەکەی خۆی نوێژێکی بەبێ دەست نوێژ ئەنجامداوە، یان نوێژێکی فەوتاوە، لەم کاتەدا

(1) بوخاری و موسلیم هاوڕان: بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (389) و موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (411) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (216/1)، وە شیخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی : الإرواء ژمارە (571).

واجبە ئەو نوێژەی کە دەیگێڕێتەوە بە تەواوی وبێ کورت کردنەوە ئەنجامی بدات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { من نام عن صلاة أو نسيها فليصلها إذا ذكرها } [1]، واتا: هەرکەسێك خەوی لێکەوت لەکاتی نوێژێکدا، یان نوێژێکی لەبیر چوو، ئەوا هەرکاتێك بیری کەوتەوە با بیکات.

مەبەست لێی ئەوەیە: بەو شێوەیە بیکات کە لێی فەوتاوە، چونکە ئەو نوێژەی لێ فەوتاوە بە نوێژێکی تەواوی بێ کورت کردنەوە واجب بووە لەسەری، کاتێکیش کە قەزای دەکاتەوە واجبە بە تەواوی و بێ کورت کردنەوە قەزای بکاتەوە .

4- ئەگەر هاتوو کەسێکی موسافیر بە شێوەیەك دەستی بە نوێژەکەی کرد کە واجب بوو لەسەری بە تەواوی و بێ کورت کردنەوە ئەنجامی بدات، دوای ئەو نوێژەی لەبەر هۆیەك لەهۆیەکان بەتاڵ بوویەوە، وپاشان وویستی بیکاتەوە، دەبێت نوێژەکەی بە تەواوی و بێ کورت کردنەوە دووبارە بکاتەوە،وەك ئەوەی کەسێکی موسافیر لەدوای کەسێکی نیشتەجێوە نوێژی دابەست، لەم حاڵەتەدا پێویستە لەسەری بە بێ کورت کردنەوە بیکات، جا ئەگەر هاتوو ئەو کەسە ئەو نوێژەی بەتاڵ بوویەوە، وپاشان وویستی نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە، پێویستە لەسەری بە تەواوی و بێ کورتکردنەوە بیکاتەوە، چونکە نوێژەکەی دووبارەی نوێژێکە کە واجب بووە بە تەواوی و بێ کورتکردنەوە ئەنجامی بدات .

5- ئەگەر هاتوو کەسێکی موسافیر نیەتی مانەوەی ڕەهای هێنا، یان نیەتی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی هێنا: ئەگەر هاتوو کەسێکی موسافیر نیەتی نیشتەجێ بوونی ڕەهای هێنا لەو وولاتەی کە سەفەری بۆی کردووە، بەبێ ئەوەی پەیوەستی بکات بە کات وکارێکی دیاریکراوەوە، هەروەها ئەگەر نیەتی ئەوەی هێنا ئەو وڵاتەی کە سەفەری کردووە بۆی بیکات بە شوێنی مانەوەی هەمیشەی و وڵاتی خۆی، ئەوا واجبە لەسەری نوێژەکانی بە تەواوی و بێ کورتکردنەوە ئەنجام بدات، چونکە لەهەقی ئەو کەسەدا حوکمی سەفەرەکەی نەماوە و بڕاوەتەوە، وە بەڵام ئەگەر هاتوو کەسێك سەفەرەکەی پەیوەست کرد بە کاتێکی دیاریکراو کە کۆتایی پێدەهات، یان پەیوەستی کرد بە کارێکەوە کە دوای دەهات، ئەوا حوکمی ئەو کەسە موسافیرە و نوێژەکانی کورت دەکاتەوە .

## دووەم: کۆکردنەوەی دوو نوێژ پێکەوە، کە چەند بابەتێکی لەخۆ گرتووە:

### بابەتی یەکەم: مەشروعیەتی کۆکردنەوەی دوو نوێژ پێکەوە، وە ئەو کەسانەش کە ئەمەیان بۆ دروستە:

ئەو سەفەرەی کە دروستە نوێژی تێدا کورت بکرێتەوە، بە هەمان شێوە دروستە نوێژی نیوەڕۆ و عەسری پێکەوە، وە نوێژی شێوان و خەوتنانیش لە کاتی یەکێکیاندا پێکەوە کۆبکرێتەوە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە موعاذی کوڕی جەبەل ( خوای

(1) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (597) و موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (684) ڕیوایەتیان کردووە .

لێ ڕازی بێت ) گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : { أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) كان في غزوة تبوك إذا ارتحل قبل زيغ الشمس أخر الظهر والعصر جمعا، ثم سار, وكان يفعل مثل ذلك في المغرب } [1]، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە غزوەی تەبوك پێش ئەوەی ڕۆژ لە نیوەڕاستی ئاسمان لابیدایە دەستی بەڕۆشتن بکردایە ئەوا نوێژی نیوەڕۆی دوادەخست بۆ کاتی عەسر وپێکەوە دەیکردن، پاشان دەستی دەکرد بەڕۆشتن، بەهەمان شێوە نوێژی شێوان و خەوتنانیشی وا لێدەکرد .

حوکمی ئەم کۆکردنەوەیەش لەسەفەردا یەکسانە چی کاتی ڕۆیشتن بێت یان کاتی دابەزین، چونکە کۆکردنەوەی نوێژ ڕوخصەت و ئاسانکاریەکە لە ئاسانکاریەکانی سەفەر،بۆیە بەردەوام بوون لەڕۆیشتن بەمەرج نەگیراوە وەك تەواوی ڕوخصەتەکانی تر، بەڵام هێندە هەیە باشتر وایە ئەو کەسەی کە لە جێگایەك دادەبەزێت وبۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە نوێژەکان پێکەوە کۆ نەکاتەوە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك لە مینا دابەزی ومایەوە نوێژەکانی کۆ نەکردەوە .

هەروەها کۆکردنەوەی نوێژ ڕێگا پێدراوە بۆ نەخۆشێکی نیشتەجێ وموقیمیش ئەگەر هاتوو  بە کۆنەکردنەوەی نوێژەکانی تووشی نارەحەتی دەبوو، بە بەڵگەی ئەو ووتەیەی کە عەبدوڵلای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ووتەیەتی: { جمع رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) بين االظهر والعصر والمغرب والعشاء بالمدينة من غير خوف ولا مطر }، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نوێژی نیوەڕۆ و عەسری پێکەوە ونوێژی شێوان و خەوتنانیشی پێکەوە لە مەدینە کۆدەکردەوە بەبێ ئەوەی ترسی هەبێت، یان باران باری بێت، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە، { من غير خوف ولا سفر } [2]، واتا: بەبێ ئەوەی ترسی هەبێت، یان لەسەفەردا بووبێت، کەواتە: هیچ عوزرێکی تر نەمایەوە جگە عوزری نەخۆشی نەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی کرد بەو ئافرەتانەی کە دەکەونە حاڵەتی (ئیستحاضەوە) واتا: زیاتر لەماوەی خۆیان خوێنیان پیادێت کە دوو نوێژ پێکەوە کۆبکەنەوە، دیارە ئیستحاضەیش جۆریکە لە نەخۆشی، ووترا بە عەبدوڵلای کوڕی عەباس لەبارەی ئەو فەرموودەیەی پێشوەوە، باشە بۆچی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەوەی کردووە؟ لەوەڵامدا ووتی: لەبەر ئەوەی ئومەتەکەی تووشی نارەحەتی وسەغڵەتی نەبن.

جا هەرکاتێك مرۆڤ لەبەر کۆنەکردنەوەی نوێژەکان دووچاری نارەحەتی وناخۆشی دەهات، ئەوا بۆی دروستە نوێژەکانی کۆبکاتەوە، جا نەخۆش بێت یان عوزرێکی تری غەیری نەخۆشیشی هەبێت، نیشتەجێ بێت یان موسافیر، هەروەها هەندێك عوزری تر هەن ڕێگا بە کۆکردنەوەی نوێژەکان دەدەن، جگە لە عوزری نەخۆشی و سەفەر، ئەوانیش بریتین لە:

---

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (1208) وتیرمذی بەفەرموودەی ژمارە (553) ڕیوایەتیان کردووە، وە تیرمذی ووتویەتی: فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی الإرواء فەرموودەی ژمارە (578) .

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (705) ڕیوایەتی کردووە .

1- باران بارینێكی زۆر جلوبەرگ تەڕ بكات، كە بەهۆیەوە مرۆڤ تووشی ناڕەحەتی و سەغڵەتی بكات .

2- قوڕاو چڵپاو: ئەگەر دەبوونە هۆی ئەوەی موسڵمانان بەڕۆیشتن دووچاری ناڕەحەتی دەبوونەوە .

3- ڕەشەبا وهەوایەكی سارد كە لە سەرما وڕەشەبای ئاسایی نەچێت، ئەمە سەرەڕای بوونی هەندێك عوزری تر ئەگەر هاتوو مرۆڤ نوێژەكانی كۆنەكردەوە دووچاری نارەحەتی وسەغڵەتی دەبوویەوە.

بابەتی دووەم: سنوری ئەو كۆكردنەوەیەی كە ڕێگای پێدراوە :

ئەو كۆكردنەوەیەی كەڕێگای پێدراوە بۆ موسافیر و ئەو كەسەشی حوكمی وەك موسافیر وایە، كۆكردنەوەی نێوان نوێژی نیوەڕۆ وعەسرە، لەگەڵ كۆكردنەوەی نێوان نوێژی شێوان و خەوتنان، هەروەها كۆكردنەوەی نوێژەكان لەكاتی نیشتەجێ بوونیش بەهۆی باران بارین و ئەو عوزرەیشی وەك عوزری باران بارین وایە ڕێگای پێدراوە، ئەویش كۆكردنەوەی نێوان نوێژی نیوەڕۆ و عەسرە، لەگەڵ كۆكردنەوەی نێوان نوێژی شێوان و خەوتنان، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كەمێك پێشتر باسمانكرد كە عەبدوڵڵای كوڕی عەباس گێڕابویەوە، ئەبو بەكر و عومەر و عوسمانیش (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەو كارەیان كردووە، چونكە هۆكاری كۆكردنەوەی نێوان نوێژی شێوان و خەوتنان و نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بوونی نارەحەتی و سەغڵەتیە لەسەر مرۆڤ، بۆیە خوای گەورە ومیهرەبان ئەو ئاسانكاریەی بۆ موسڵمانان كردووە .

[ لەخوای گەورە و میهرەبان داواكارین زیاتر لە ئاینەكەی شارەزامان بكات، بۆ ئەوەی پەرستن و عیبادەتەكانمان لەسەر چاوڕونی وبەصیرەت ئەنجام بدەین ] وەرگێڕ .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم